# ئایا کامیان تاوانبارتر بوو، فەرحان موتلەگ یان تەها یاسین ڕەمەزان؟!

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالی لەڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢١.٨.٢٠٠٦)دا دەستپێکرد. تاوانبارانی سەرەکی شاڵاوەکانی ئەنفال یاخود تاوانبارانی سەرەکی دەستگیرکراوی ئەو تاوانە گەورەیە بریتیبوون لە (سەددام حوسێن مەجید، سەرۆک کۆماری ئێراق کە لەڕۆژی شەممە بەرواری (٣٠.١٢.٢٠٠٦)دا لەسەر تاوانی دوجەیل لەسێدارەدرا، عەلی حەسەن مەجید ، ناسراو بە (عەلی کیمیاوی)، بەرپرسی بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست، لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری، فەرماندەی فەیلەقی یەکی سەردەمی ئەنفالەکان، فەریق روکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکان لەکاتی ئەنفالەکاندا، فەریقی روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتی (مدير الاستخبارات العسكرية العامة)، عەمیدی روکن فەرحان موتلەگ ساڵح ئەلجبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات لە کەرکوکو تاهیر تۆفیق یوسف ئەلعانی، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوورو ئەندامی بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس).

دوای (٦٠) دانیشتنی دادگاو لەدانیشتنی ژمارە (٦١)دا کە لەڕۆژی یەکشەممە (٢٤.٦.٢٠٠٧)دا بەڕێوەچوو، دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بڕیاری کۆتایی بەسەر شەش تاوانبارەکە سەپاندو هەریەکە ئەو سزایانەی بۆ بڕینەوە: (١- عەلی کیمیاوی، پێنج سزای لەسێدارەدان، یەکی هەتا هەتایە، یەک سزای پازدە ساڵی، دوو سزای دە ساڵیو دووانی حەوت ساڵی. ٢- سوڵتان هاشم، چوار سزای لەسێدارەدان، دوو سزای هەتا هەتایە، یەک سزای پازدە ساڵی، یەک سزای دە ساڵیو دووانی حەوت ساڵی. ٣- حوسێن ڕەشید تکریتی، چوار سزای لەسێدارەدانو سزایەکی حەوت ساڵی. ٤- سابیر عەبدولعەزیز دوری، سێ سزای هەتا هەتایيو سزایەکی دە ساڵی. ٥- فەرحان موتلەگ ساڵح، دوو سزای هەتا هەتایيو سزایەکی دە ساڵی). هەروەها تۆمەتبار تاهیر تۆفیق ئەلعانی، بڕیاری ئازادکردنو بێتاوانی لە بەشداریکردنی لەشاڵاوەکانی ئەنفال بۆ دەرچوو.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبەردەست دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقدا هەبوون، فەرحان موتلەگ ساڵح، واژۆی لەسەر چەندین بەڵگەی لەسێدارەدانی ڕۆڵەی کورددا هەیە، کە لەو بابەتەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەم. یەکەم بەڵگەنامە بریتییە لە نووسراوێکی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات (منظومة استخبارات المنطقة الشرقية)، کە بەواژۆی تاوانباری ئاماژەپێکراو، بەژمارە (٣٠٧)ی بەرواری (٢٢.٢.١٩٨٨)دا بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی نێردراوە، بریتییە لەگوللەبارانکردنی پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی (بەهمەن مەحمود کەریم)، کە پێشتر لە هاوینی ساڵی (١٩٨٦)دا لەدوای لێدانی ئۆتۆمۆبێلێکی سەر بە (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی) لەسەر ڕێگای گشتی سلێمانی - چەمچەماڵ، چوار کەس لە موجاهدینی خەلق کە جاشی سەددامو بەعس بوون کوژران، هەروەها لەو چالاکییەدا پێشمەرگە (بەهمەن مەحمود کەریم) بەبرینداری دەستگیرکراوەو پێشمەرگەیەکیش بەناوی (غازی ئەحمەد محەمەد) شەهیدبووە.

بەڵگەی دووەم بریتییە لەنووسراوێکی (منظومة استخبارات المنطقة الشرقية)، کە بەواژۆی تاوانبار عەمید روکن فەرحان موتلەگ ساڵحو بەژمارە (٢٧)ی بەرواری (٢.٥.١٩٨٨)، ئاراستەی عەلی حەسەن مەجیدی ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری حیزبی بەعسی عارەبی کراوە، کە سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی (عوسمان میکائیل دەروێش ڕەشید)، دانیشتووی شارۆچکەی کەلار کە لەڕۆژی (٦.٤.١٩٨٨)دا لەناو شارۆچکەی کەلاردا لەدوای دەستنیشانکردنی لەلایەن کوردێکی خۆفرۆشەوە دەستگیرکراوە. ناوبراو سەر بەڕێکخستنەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بووەو، بەگوێرەی قسەکانی تاوانبار (عەمید روکن فەرحان موتلەگ)ی بەڕێوەبەری مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی، عوسمان میکائیل بەهاوکاری دوو کەس لەهاوڕێیانی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)دا لەمانگی ئازاری هەمان ساڵدا دوو ڕومانەیان لەناو شارۆچکەی کەلاردا تەقاندۆتەوە. لەو بەڵگەنامەیەدا عەمید روکن فەرحان موتلەگ، پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەستبەجێ عوسمان میکائیل گوللەباران بکرێت. دواتریش هەروەکو تاوانبار عەمید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح لەدانیشتنی ژمارە (٤٦)ی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالدا، کە لەڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠.٢.٢٠٠٧)دا بەڕێوەچوو، گوتی: (بەڵێ عوسمان میکائیل گوللەبارانکرا، ئەی دەتانەوێت چیمان لێبکردایە؟ من بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆم پێشنیارم کردووە بۆئەوەی لەدەرەوەی دادگادا گوللەباران بکرێت، عەلی حەسەن مەجید-یش دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو کە بڕیاربدات هەرکەسێک بەبێ دادگاییکردن لەسێدارەبدرێت. من تەنیا دەسەڵاتی خۆم بەکارهێناوەو سنوور بەزێنیم نەکردووە).

بەڵگەی سێیەم بریتییە لە نووسراوێکی ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی ڕۆژهەڵات کە بەواژۆی تاوانبار عەمید روکن فەرحان موتلەگ ساڵحو، بەژمارەی (ش٣/ق٣/قادسية صدام ٣٨٤) لەڕێکەوتی (٢.١١.١٩٨٧)دا (کە بەگوێرەی قسەکانی خۆی ئەو ڕۆژە





یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی فەرحان موتلەگ بووە لە مەنزومەی شەرقیەدا)، موژدەی کاولکردنی (٩) دێهات لەدێهاتەکانی (چەمچەماڵ)ی بە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی ڕاگەیاندووە کە لەنێوان (٢٧ و ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٧)دا ڕووخێنراون، گوندە کاولکراوەکانیش ئەمانەن: (کانی چنار، خواموراد، عەلی مەنسوور، قەڵائینجان، چاڵگە، شۆڕاو، مالومە، هەنجیرەو کانی سارد).

بەڵگەی چوارەم بریتییە لە نووسراوێک بەواژۆی تاوانبار عەمید روکن فەرحان موتلەگ ساڵحو لەبەڕێوەبەرێتیەکەی ئەو بەژمارەی (ش٣/ق٣/قادسية صدام ١٢٨٩)ی بەرواری (٥.٨.١٩٨٨)دا دەرچووەو، بۆ سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس ناردویەتی، فەرحان موتلەگ لەنووسراوەکەیدا باسی ئەوە دەکات، کە لەکاتژمێری (١٠)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (١.٨.١٩٨٨)دا، فەرمانی گوللەبارانکردنی (١٣) کوردیان جێبەجێکردووە، بەڵام بەداخەوە ناوی گوللەبانکراوەکانو ناوی ڕێکخستنەکەیان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقەوە سڕاوەتەوە.

بەڵگەی پێنجەم بریتییە لە نامەیەکی دەزگای ئیستخباراتی شەرقیە بەواژۆی تاوانبار عەمید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح، بەژمارەی (ش٣/ق٣/قادسية صدام ٦٩)ی بەرواری (١٠.١.١٩٨٩)، کە بۆ سکرتارییەتی سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعسی عارەبی نێردراوە، لەنامەکەدا هاتووە کە لەکاتژمێری (١٠)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (١٠.١.١٩٨٩)، فەرمانی گوللەبارانکردنی (١٠) کەسیان جێبەجێکردووە، کە هەر هەموویان سەر بە ڕێکخستنەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ن کە ئەمانەن: (١- شاکر عەلی عەبدوڵڵا. ٢- هەمزە جمعە حەمەد فەرحان. ٣- عادل جمعە محەمەد. ٤- عەبدولحەسەن ئیسماعیل مستەفا. ٥- ئارام ئەحمەد محەمەد. ٦- ئەنوەر حەمەڕەشید حەمەلاو. ٧- کەمال عەزیز ئەحمەد. ٨- ئەبوبەکر فەقێ فەرەج. ٩- هەمزە کاکەحەمە خەلیفە. ١٠- سیروان عەزیز ئیبراهیم). مەنزومەی شەرقییە بۆ گوللەبارانکردنی چوار کەسی یەکەم پشتی بەستووە بەنووسراوێکی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید بەژمارە (٩)ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢.١.١٩٨٩)، هەروەها بۆ گوللەبارانکردنی شەش دەسگیرکراوەکەی تر فەرحان موتلەگ ئاماژەی بەنووسراوێکی تری تاوانبار عەلی حەسەن مەجید کردووە بەژمارە (٥٠)ی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٣.١.١٩٨٩).

دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە (٢٤.٦.٢٠٠٧)دا بڕیاری کۆتایی سەبارەت بەهەر شەش تاوانبارەکەی ئەنفال دەرکرد، دۆسییەی ئەو شەش تاوانبارە نێردرایە دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگای ناوبراویش دوای تێهەڵچوونەوەو وردبینی، سزاکانی هەردوو تاوانبار فەریق روکن سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوریو عەمیدی روکن فەرحان موتلەگ ساڵح-ی لە هەتاهەتاییەوە گۆڕی بۆ لەسێدارەدان، کەچی لەکاتی دەنگدان بۆ پەسەندکردنی بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە، دەنگی دادوەر عارف شاهین، کە بەڕەگەز کوردێکی شیعەیەو سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقە، دەنگی یەکلاکەرەوە بوو بۆ سەپاندنی بڕیارەکە، چونکە تا ئەوکاتە چوار دەنگ لەگەڵ لەسێدارەدانو چوار دەنگیش لەدژی لەسێدارەدانیان بوون، کەچی ئەو دادوەرە کوردە دەنگی لەدژی لەسێدارەدانی سابیر دوریو فەرحان موتلەگ داو هەردووکیانی لەمردن ڕزگارکردن. گومانیش لەوەدا نییە دەنگنەدانی دادوەری ناوبراو بۆ لەسێدارەدانی هەردوو تاوانبارەکە، چەندین نهێنی شاراوە لەخۆوە دەگرێت!!

دادوەر عارف شاهین، کە کوردێکی شیعەیە، ئەوەندەی پابەندو دڵسۆزە بۆ ئایینزای شیعە، ئەوەندە پابەندو دڵسۆز نییە بۆ کوردو کوردستان. هەمووشمان دەزانین کە شیعەکانو عەلی سیستانی نە دەیانەوێت فەرحان موتلەگ هەروەها نە سابیر دوری لەسێدارە بدرێن، سەبارەت بە فەرحان موتلەق لەبەرئەوەی ناوبراو سەر بەخێڵی جبوورییەو، خێڵی جبوریش ئەوانەی دەکەونە کوردستانو خۆرئاوای ئێراق سەر بەئایینزای سوننەنو، هەروەها ئەو جبورانەی کە لەباشووری ئێراقدا دەژین هەموویان سەر بەئایینزای شیعەن، بۆ نموونە سەعدی توعمە عەباس جبوری، کە سەردەمانێک ڕازگری سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو لەکاتی ئەنفالەکانو بەشداری چالاکانەی شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفالی کردووە، ماوەیەکیش یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، دواتریش سەرۆکی ئەرکانی سوپاو چەند ساڵێکیش وەزیری بەرگری ئێراق بووە، شیعەی باشوورە. جبورە شیعەکان هانایان بۆ سیستانی بردووە کە دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت تاوەکو تاوانبار فەرحان موتلەگ سزای مەرگی بەسەردا نەسەپێندرێت. خۆ هەر دوابەدوای دەرچوونی سزای تاوانبارانی ئەنفال لە (٢٤.٦.٢٠٠٧)دا، دەستەی داواکاری گشتی (جەعفەر ئەلموسەویو مونقز ئال فیرعەون) لەژێر کاریگەری مەرجەعیەی شیعی (سیستانی)دا داوای سووککردنی سزای هەردوو تاوانبارە جبورییەکان (فەرحان موتلەگو سوڵتان هاشم)یان بەفەرمی لەدادگای تێهەڵچوونەوە کرد، ئەوە جگە لەوەی کە هێزە سوننییەکانو وڵاتە عارەبییەکان نەک تەنیا داوای سووککردنی سزاکان، بەڵکو داوای ئازادکردنی هەموو تاوانبارانی ئەنفال بە عەلی حەسەن مەجید-یشەوە دەکەن.

دەستتێوەردانو باڵادەستی شیعە لەکاروبارو بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بەئاشکەرا بەدی دەکرێتو هەستی پێدەکرێت. لەسێدارەدانی تاوانبار تەها یاسین ڕەمەزان (دەستەکانیان خۆشبێت کە شیعەکان لەسێدارەیاندا)، سەرەڕای نەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ لەسێدارەدانی، هەروەها دەرنەکردنو پەسەندنەکردنی بڕیاری لەسێدارەدان لەدژی تاوانبار فەرحان موتلەگ، سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی پێویستو تەواو بۆئەوەی لەسێدارە بدرێت، کە بڕینەوەی سزاکانی هەردوو تاوانبار تەها جەزراویو فەرحان موتلەگ لەژێر کاریگەریو باڵادەستی شیعەکانەوە بووە کە بووە هۆی ئەوەی یەکەمیان لەسێدارە بدرێتو دووەمیان لەسێدارەدان ڕزگاری بێت، بەڵگەن بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانم. بەگوێرەی دادگاییکردنی تاوانبارانی دۆسیەی دوجەیل لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، ئەو دادگایە نەیتوانی بیسەلمێنێت کە جەزراوی کەسی ئازارو ئەشکەنجە، زیندانی یان کوشتووە، بۆیە بەزیندانیکردن بەهەتا هەتایە سزای بۆ بڕییەوە. دادگای ناوبراو ئەوەی کە تاڕادەیەک توانی بەسەر تەها جەزراوی کە دوژمنی لەمێژینەی شیعەکان بوو ساغی بکاتەوە، پێشنیارکردنی بڕینەوەی دارو درەختو لەناوبردنی دارستانەکان بوو لەلایەن تاوانباری ناوبراوەوە بەدرێژایی یەک تا سێ کیلۆمەتر بەهەرچوار دەوری شارۆچکەی دوجەیلدا، هەروەها بەشداریکردنی سوپای میللی (الجيش الشعبي) بوو کە تەها یاسین ڕەمەزان فەرماندەی گشتی ئەو سوپایە بووە. باشە خۆ فەرحان موتلەگ ساڵح، بەواژۆی خۆیو بەنووسراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی مەنزومەی شەرقیە کە ناوبراو بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە بووە، بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەم پێکردوون نۆ گوندی کوردستانی کاولکردووە، هەروەها (٢٥) هاووڵاتی کوردی گوللەبارانکردووە کە یەکێکیان پێشمەرگەو (٢٤)ەکەی تریش سەر بەڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار بووینە، ئەوە جگە لەوەی کە بەدەیان هەزار کوردی دێهاتنشینی دەستگیرکراو لەلایەن سوپاوە لەڕێگەی مەنزومەکەی ئەوەوە ڕادەستی بیرۆی باکووری حیزبی بەعسو عەلی حەسەن مەجید کرانو ئەویش هەموانی زیندە بەچاڵکرد! لەلایەک ئەگەر دەستخستنە ناو کاروباری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لەلایەن شیعەکانو لە لایەکی تریشەوە خەمساردی سەرکردایەتی کورد نەبێت، بۆ دەبێت تەها یاسین ڕەمەزان لەسەر داربڕینەوەی شیعەکان لەسێدارەبدرێت، کەچی فەرحان موتلەگ ساڵح لەسەر گوللەبارانکردنی (٢٥) هاووڵاتی کوردو کاولکردنی نۆ گوندی کوردیو ڕادەستکردنی دەیان هەزار کورد بە عەلی کیمیاوی لەسێدارە نەدرێت؟ ئایا دارو درەختو دارستانەکانی شیعە لەخوێنی کورد بەنرخترن؟ باشە دارستان بڕینەوە تاوانێکی گەورەترە یان تاوانی بەعارەبکردنی کەرکوکو ڕاگوێزانو دەربەدەرکردنی دانیشتوانە کوردە ڕەسەنەکەی بەفەرمانو واژۆی چەند پارێزگارێکی وەکو (فەریق روکن هیشام سەباح فەخری، فەریق روکن مەحمود فەیزی ئەلهەزاع، فەریق یەکەمی روکن ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلڕاوی، لیوای روکن نۆفل ئیسماعیل خزەیر، فەریق روکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلهادی) کە لەهەمانکاتدا ئەنفالچیش بووینە؟ خۆ تاوانبار تەها یاسین بەهۆی ئەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی ئێراقی حیزبی بەعس، ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حیزبی بەعس، جێگری سەرۆک وەزیرانو فەرماندەی گشتی بەناو سوپای میللی بووە لەبری جارێک دەبوایە پێنج جار سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوبایە، بەڵام ئەوان لەسەر دۆسیەی دوجەیلو لەناوبردنی دارو درەختو دارستاندا لەسێدارەیاندا نەک لەسەر پۆستەکانی لەحیزبو حکومەت، تاوانبار جەزراوی بەهۆی ئەو پۆستە گەورانەی کە هەیبووە بەشداربووە لەبڕیاردانو نەخشەدانانی سیاسەتی دەوڵەتو جێبەجێکردنی گشت ئەو تاوانانەی کە لەلایەن حیزبو حکومەتەکەی سەددام-ەوە لەدژی گەلانی کوردستانو ئێراق ئەنجام دراون.



دەرسیم دیبەگەیی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com